# چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا لەنێوان ساڵانی(2003-2013).

**پ.د. پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان**

Pishko.tahir@univsul.edu.iq

**بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/**

**زانکۆی سلێمانی**

**م.ی. ئازاد مجيد محمد**

azad.majied@uokirkuk.edu.iq

**بەشی مێژوو/ کۆلێجی ئاداب/**

**زانکۆی کەرکوك**

ڕێکەوتی وەرگرتنی توژینەوە:٦\٨\٢٠٢٤

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠\٨\٢٠٢٤

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێرناوی (**چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی**[i] **لەگەڵ وڵاتی ئێراندا لەنێوان ساڵانی(2003-2013)**، باس لە ڕۆڵ وچالاکییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی دەکات، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵاتی ئێران. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیانەکانییەوە لە ساڵی 2003دا، عێراق یەکێك بووە لەو وڵاتانەی کەپێویستی بە پەیوەندی دیپلۆماسی هەبووە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریدا، بەتایبەت لەدوای ئەو چەند ساڵەی کە ناسەقامگیری سیاسی ناوخۆی عێراقدا هەبووە، بەو هۆیەوە جەلال تاڵەبانی لەوە گەیشتبوو کە عێراق پێویستی زۆری بەو پەیوەندییانە هەیە لەگەڵ وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، یەکێك لەو وڵاتە هەرێمییە دیار و بەرچاوانەش وڵاتی ئێران بوو، بۆیە هەر لە دوای ساڵی 2003وە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دروستکردووەتەوە و بەردوام پەیوەندییەکانی لە گەشەکردندا بووە و تاوەکو کۆتایی ساڵی 2012 کە نەخۆش کەوت، باشترین پەیوەندی لە نێوان وڵاتی ئێران وعێراقدا هەبووە، دوای دورکەوتنەوەی جەلال تاڵەبانیش لە گۆڕەپانی سیاسی، بەڵام کاریگەرییە باش وئەرێنییەکانی بەردەوام بووە لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

**کلیلە وشەکان:** ( جەلال تاڵەبانی، دیپلۆماسییەت، عێراق، ئێران، دەوڵەتە هەرێمییەکان).

**پێشەکی:**

لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی کەسایەتیەکان یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە گرنگانەی کە پەردە لەسەر چەندین ڕاستی و نهێنی پەیوەندیدار بە خودی کەسایەتییەوە لادەدا وئاشکرا دەکات، هەروەها ڕادەی کاریگەری و بەشداریکردنی لە

دروستکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا لە سەردەمەکانی دیکەدا دەردەخات، مێژووی عێراق چاوەری سەرهەڵدانی زۆر کەسایەتی بووە کە ڕۆڵی کارا و بەشداربووی گرنگیان هەبووە لە ڕوداوەکاندا و کاریگەرییان دروستکردووە، بە تایبەت کاتێک کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بە تایبەت وڵاتانی هەرێمی دروستکردووە، یەکێك لەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق وڵاتانی هەرێمی، بەتایبەت ئێران، جەلال حیسامەدین تاڵەبانی بووە، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیانەکانییەوە لە ساڵی 2003دا، ئەو پەیوەندییەش تاوەکو کۆتایی ساڵی 2012 ونەخۆش کەوتنی جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی کاراو گاریگەری باش و ئەرێنی هەبووە و بووەتە هۆی ئەوەی سەقامگیری لە نێوان عێراق و ڵاتانی دیکەی هەرێمی دروست بێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ڕۆڵی دیپلۆماسی جەلال تاڵەبانی دەربخرێت لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران و وڵاتە هەرێمییەکان بەتایبەت ئەو جموجۆڵە دیپلۆماسییانەی کە تاڵەبانی ئەنجامی داوە لە نێوان ساڵانی (2003-2013)دا .

**گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بۆیە گرنگە، چونکە هەوڵێکی زانستی یە بۆ دەرخستنی ئەو چالاکییە دیپلۆماسییانەی کە جەلال تاڵەبانی ئەنجامی داوە بۆ پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق و تەنانەت ئەمریکاش لەو ماوەیەدا، جگە لەوەی هەنگاوێکە بۆ تۆمارکردنی گۆڕانکارییەکانی عێراق لەماوەی ساڵانی (2003-2013)دا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە ڕێبازی شیکاری مێژوویی وەرگیراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** یەکێك لە گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بووە کە ناونیشانەکە نوێ یە و پێشتر زۆر بە کەمی لەسەر ئەم لایەنە گرنگە نوسراوەتەوە، ئەوەش وایکرد بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان پشت بەبەڵگەنامە دەرەکییە بیانییەکان وعەرەبییەکان ببەستین، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر پێویستی بە چاوپێکەوتن هەبووە، بەڵام زۆرێك لەو کەسایەتییانە ئامادەی ئەوە نەبوون چاوپێکەوتن بکەن.

**پرسیای توێژینەوەکە: لە نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك پرسیار دێتە پێشەوە لەوانە:-**

1- ئایا جەلال تاڵەبانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان چۆن دیپلۆماسییەتی خۆی بەکارهێناوە و چی کردووە؟.
2- ڕۆڵ و کاریگەری دیپلۆماسییەتی جەلال تاڵەبانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان چۆن بووە و گەیشتووە بەچی؟.
3- دیپلۆماسییەتی جەلال تاڵەبانی چۆن توانیویەتی کاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و دەرئەنجامەکانی بەچی گەیشتوون ؟.

**بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە:** پشت بە چەندین سەرچاوە بەستراوە لەوانە:

وتارەکانی جەلال تاڵەبانی بەزمانی عەرەبی لە(مكتب الاعلام المركزي(أ.و.ك) )و کتێبی (وتارەکانی جەلال تاڵەبانی بە ناونیشانی الهم الوطني) لەلایەن محمد شێخ عثمان بڵاوکراوەتەوە، لە گەڵ ئینسکلوپیدیای (ی.ن.ك)دا، لەهەموو ئەوانەش گرنگترکە زۆرترین زانیاری تێدا بەدەست هاتوون ڕۆژنامەکانی(کوردستانی نوێ، ئاوێنە، یەکگرتوو، الاتحاد) کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی بەم شێوەیە:-

یەکەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ وڵاتی ئێران دا لە ساتە وەختی روخانی رژێمی بەعسدا.

دووەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی لەگەڵ ئێران (2005-2007).

سێیەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی لەگەڵ ئێران (2008-2013).

**یەکەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ وڵاتی ئێران دا لە ساتەوەختی روخانی رژێمی بەعسدا.**

لە مانگی ئابی 2002 دا ئێران بە شێوەی فەرمی ئەوەی ئاشکراکرد کە ئێران بێ لایەن دەبێت لە جەنگی دژی عێراقدا(العبوسی، 2019 ،134)، بەوەش هەڵویستی ئێران بەرامبەر بە لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی 2003دا سەرەتا تەنها وەکو تەماشاکەرێك بوو(الوحیلي 2016، 116). بەمەبەستی دڵنیایی کردنەوەی وڵاتی ئێران جەلال تاڵەبانی لە 7ی کانوونی دووەمی 2003دا سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ ئەحمەد خاتەمی سەرۆك کۆماری ئێران کۆبۆتەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە گۆڕانکاری عێراق و هەلومەرجی ناوچەکە و پێشهاتە چاوەروانکراوەکان کردبوو، لە هەمانکاتدا لەگەڵ مەهدی کەڕوبی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئێران کۆبۆتەوە و بڕیاربوو لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆببێتەوە(رۆژنامەی یەکگرتوو، ٤٢١، ٢٠٠٣) پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی و ئێران لەئاستێکی زۆرباشدابوو بەو هۆیەوە لە مانگی شوباتی 2003دا ئێران لە ڕێگای سوپای پاسدارانی ئێرانەوە (الحرس الثوري الایراني) هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکییەکانی کرد بۆ گەیاندنی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی (ی.ن.ك)(العبوسی، 2003-2017، 136-137).

دواتر لەگەڵ هێرش و لەشکرکێشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، ئێران سنوورەکانی لە گەڵ عێراقدا داخست، لە هەمانکاتدا سەرکۆنەی ئەو جەنگەی کرد.هەرچەندە ئێران لەبەرژەوەندی دابوو کە حکومەتی بەعس بروخێت، لە هەمانکاتدا ئێران دەیویست عێراقێکی لاوازبێت و لە بواری سەربازیدا نەتوانیت بەسەر ئێراندا زاڵ بێت، هەروەك ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران عەلی خامنەئی دەڵێت: "گەلی ئێران وەکو گەلی عێراق دڵخۆشە بە ڕوخانی رژێمی سەدام حسێن"(البیاتي، 2015، 68). لەگەڵ ئەوەشدا ئێران نەیدەویست تووشی بەریەککەوتن بێت لەگەڵ وڵاتێکی زلهێزی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا(الکوراني، 2017، 68). لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ڕێگای بە فرۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دا کە ئاسمانی ئێران بەکاربهێنن لە کاتی هێرشەکانی بەرگری ئاسمانی عێراقدا(العبوسی، 2003-2017، 134).

لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2003، ئێران پێگەی زۆر گەورەی لە عێراقدا بۆ دروستبوو، ئەوە بوو ئێران ڕۆڵی زۆر گرنگی بینی لە کۆنترۆڵکردن و دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراقدا و کاریگەری هەبوو لەسەر رەوشی سیاسی لەناوخۆی عێراق و لەسەر کۆمەڵگای عێراق، لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی عێراق(العبیدي، 2011، 82-84). لەگەڵ ئەوانەشدا ئێران کاری کردبوو بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بەکاربهێنێت بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەمانکاتدا هەوڵی دابوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی کە هەڕەشەی بۆ دروستنەکات لە ڕێگای پەیوەندیکردن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لە ڕۆڵی سیاسیان هەبوو لە عێراقدا، ئێرانییەکان هەوڵی زۆریان داوە بۆ یەکخستنی لایەنە سیاسیە عێراقییەکان لە پێناو دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی و کۆتایهێنان بە ململانێ ناوخۆییەکان(حمدونە، 2012، 93-95).

شایەنی باسە ئێران پشتیوانی لەو گروپ و میلیشا شیعانە دەکرد کە لە دەسەڵاتی نوێی عێراق یاخی ببون، لە هەمانکاتدا هێزی نەرمی دیپلۆماسی خۆی بۆ لایەنی ئابووری و ئاینی و زانیاری بەکارهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژییەتی ئێرانی بۆ عێراق خۆی لە یەکخستنەوەی هەموو لایەنە شیعەکان لە عێراقدا دەبینییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت قورسایی دیموگرافیای خۆی بگۆرێت بۆ کاریگەری سیاسی لە عێراقدا، بەوەشێوەیەش بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی شیعەکان و باڵادەستیان لە بەغدا، هانی نزیکترین هاوپەیمانەکانی دابوو بۆ بەشداریکردن لە سیاسەت و دامەزراندنی دامودەزگاکانی عێراق و حکومەت لەوانە (رێکخراوی بەدر، ئەجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی[ii]، حزبی دەعوە[iii]، رەوتی سەدر [iv]) لەگەڵ ئەوانەشدا پاڵپشتی کۆمەڵێك حزب و بزوتنەوەی جیاوازیکرد بۆ بەهێزکردنی بژاردەکانی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا(محافظة، 2009، 460).

جەلال تاڵەبانی مەبەستی بوو کە پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران پتەو و بەهێزبێت، بۆ ئەو مەبەستە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمی عێراق لە 17ی تشرینی دووەمی 2003دا بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە تاران و لەلایەن دکتۆر کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئێرانی ئەوکات لە فرۆکەخانە پێشوازی لێکرا و دواتر لەگەڵ سەید محەممەد خاتەمی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبووەوە، دواتر سەید محەممەد خاتەمی لە ووتەیەکی کورت دا هەڵویستی وڵاتەکەی لەسەر بەفەرمی ناساندنی ئەنجومەنی حکومی عێراق دووپاتکردەوە(رۆژنامەی کوردستانی نوێ، 3226، 2003 ؛ عبدالحمید، 2021،141 ). ئەوەش یەکەم دانپێدانانی ئێران بوو بە ئەنجومەنی حکومی عێراق، کە پێشتر تەنها دەیانگوت هەنگاوێکە بە ئاراستەی گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکان(رۆژنامەی یەکگرتوو، 465، 2003، ؛ مرکز دراسات الوحدة العربية، 2007، 1052). هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەید محەممەد خاتەمی ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاریکردنی عێراق لە بوارەکانی پیشەسازی و دابینکردنی کارەبا و سوتەمەنی بەمەبەستی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق دەربری، دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی جەلال تاڵەبانی و دکتۆر کەمال خەرازیدا، مام جەلال دەڵێت:"هاتووین بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانی برا و دراوسێمان، ئەویش بۆ خاتری بوژانەوەی پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازی و ئابووری و فەرهەنگییەکان و دانانی نەخشەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران"( رۆژنامەی کوردستانی نوێ، 3226، 2003)، لە هەمانکاتدا جەلال تاڵەبانی داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردبوو کە قەرەبووەکانی ئێران لەسەر عێراق کەمبکەنەوە یان دەستیان لەسەری هەڵگرن ، بێگومان ئەوەش بۆ بەرژەوەندی عێراق بوو(رۆژنامەی یەکگرتوو، 465، 2003).

لەگەڵ ئەو هەوڵانەی جەلال تاڵەبانیدا بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق ئێران و ئاشتەوایی لە عێراقدا، بەڵام لە ساڵی 2004دا راپەرینی موقتەدا سەدر لە عێراق رویدا و ئەوەش ترسی لە لای هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروستکرد کە گوایە ئێران پشتگیری و پشتیوانی لە توندوتیژی دەکات لە دژی داگیرکاری عێراق و هەندێك پێیان وابوو کە ئێران بڕیاری داوە سەقامگیری لە عێراق نەهێڵێت، لەڕاستیدا هەواڵگری ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاگاداری هەموو پێشهاتەکانی عێراق بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران نەیدەویست عێراقێکی زلهێزی سەربازی دروست بێتەوە کە جارێکی دیکە بتوانێت ڕکابەری ئێران بکاتەوە، لەهەمانکاتدا ئێران پێی باش نەبوو حکومەتێکی کوردی دامەزرێت لە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە کاریگەری لەسەر کوردی ئێران دروستبکات کە نزیکەی (12) ملیون کەس دەبوون(علي محافظة، 2009، 460). بەهۆی ئەو راپەرین و پشێویانەی لە باشووری عێراق دروست بوو، لەلایەن وڵاتانەوە لە مانگی ئابی ساڵی 2004دا بانگهێشتنامەی ئێران کرا بۆ بەشداریکردن لە بەستنی کۆبوونەوەی لوتکەی هەرێمی بە مەبەستی سەقامگیری لە ناوچەکە و بەتایبەت لە باشووری عێرقدا، بەڵام ئێران ئەو بانگهێشتنامەیەی

ڕەتکردەوە، چونکە ئێران هەستی بە هەڕەشەی تورکیا دەکرد لە ناوچەکەدا بە تایبەت لە عێراق، هەروەها ترسی لە نزیکبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا هەبوو لەو کاتەدا(Gul Mohamad, 2021, 40). بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و لەدوای هەوڵەکانی جەلال تاڵەبانی عێراق باڵوێزخانەیەکی لە تاران کردەوە و باڵوێز محمد مجید شێخ یان وەك نوێنەری عێراق دانا، دواتر عێراق سێ کونسوڵخانەی لە ئێران کردەوە، ئەوانەش لە (کرماشان و ئەهواز و مەشهەد) بوون، ئەوەش ڕێخۆشکەربوو بۆ ئەوەی ئێران باڵیۆزخانەیەك لە بەغدای پایتەختی عێراق بکاتەوە، لەگەڵ چوار کونسوڵخانەی لە شارەکانی (بەسرە، سلیمانی، هەولێر، کەربەلا)دا (الوحیلي، 2013، 121 ؛ العبوسی، 2019، 419). لەو ماوەیەدا سەرباری هەوڵەکانی جەلال تاڵەبانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، بەڵام ئێران نیگەران بوو لەوەی کە جەلال تاڵەبانی پەیوەندی باشی لە نێوان عێراق و تورکیادا دروست کردبوو، چونکە لەوکاتەدا جەلال تاڵەبانی بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی دەیویست بۆ تورکیای بسەلمێنێت کە دەتوانێت هاوپەیمانێکی باش بێت لەگەڵ تورکیادا، ئەگەر لای تورکیاش دۆستێکی متمانە پێکراوی تەواو نەبوبێت، بەتایبەت لە مانگی کانوونی یەکەمی 2004دا بەپێی بارودۆخی ئەو کاتە بۆ جەلال تاڵەبانی ڕوون ببوەوە کە پێویستە عێراق تەنها پشت بە ئێران نەبەستێت، بەڵکو پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاشدا بەهێزبکات(Olson,2004,104).

**دووەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی لەگەڵ ئێران (2005-2007).**

لەگەڵ هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی وەك سەرۆك کۆماری حکومەتی کاتی کاربەرێکەر لە 6ی نیسانی 2005دا، ئێران پێشوازی لێکرد و هیچ نارەزاییەکی دەرنەبڕی، چونکە ئێرانییەکان جەلال تاڵەبانییان بە سیاسەتمەدارێکی ژیر و میانڕەو دەبینی و لەهەمانکاتدا پێیان وابوو لە داهاتوودا بەهیچ شێوەیەك دژی سیاسەتەکانی ئێران نابێت لە ناوچەکەدا (Gelletly, 2014, 52-60). بەوەش پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران زیاتر بەرەو پێش چوو، بەتایبەت لەو ماوەیەدا حکومەتی عێراق بڕیاری لێ خۆش بوونی بۆ زیندانەکانی ئێران دەرکرد، ئەوەش لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئێران کەمال خەرازی بەگەرمی پێشوازی لێکرا، دواتریش ڕێککەوتننامەی هاوبەش لە نێوان عێراق و ئێراندا بەسترا سەبارەت بە ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی سنوورەکان (العبوسی، 2019، 417-418. ؛ الوحیلي، 2003، 119). لە 15ی تشرینی دووەمی 2005دا کۆنگرەی ئیسلامی لە قیبەنای پایتەختی نەمسا بەسترا کە تایبەت بوو بە وڵاتە ئیسلامییەکان بەگشتی، لەو کۆنگرەیەدا جەلال تاڵەبانی بەشداربوو وەك سەرۆك کۆماری عێراق و وتارێکی تایبەتی پێشکەشکرد، لە هەمانکاتدا سەید محەممەد خاتەمی سەرۆك کۆماری ئێران لە کۆتایی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیدا بەشداربوو ئەوەش جارێکی دیکە هەماهەنگی نێوان هەردوو وڵاتی بەرەوپێشتر برد، هەر لەو کۆنگرەیەدا سەید محەممەد خاتەمی داوای لە ئامادەبووان کرد دژی ئەو کەسانە بوەستنەوە کە دەیانەوێت ئاژاوە لە نێوان شیعە و سوننەدا دروست بکەن(د.م، 2006، 19-31 )، دواتر لە 21ی تشرینی دووەمی 2005دا جەلال تاڵەبانی سەردانی تارانی کرد و لە لایەن مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری نوێی ئیسلامی ئێرانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، لەو کاتەدا مەحمود ئەحمەدی نەژاد دەڵێت:" وڵاتەکەمان ئامادەیە بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی تەواو لە عێراقدا، چونکە ئاسایشی عێراق ئامانجێکە بۆ ئاسایشی ئێران .. پێشوازیکردنمان لە سەرۆك تاڵەبانی پێشوازیکردنە لە گەلی عێراقی خۆشەویست"، دواتر باسی لە ڕۆڵی ئەرێنی و دیپلۆماسی سەرۆك جەلال تاڵەبانی و لێهاتوویی سیاسی لە کاراکردنی پەیوەندییکانی نێوان هەردوو وڵات کرد، دواتریش جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق دەڵێت: "متمانەم هەیە کە تاران هەموو هەوڵێك ئەدات بۆ هاوکاریکردنی گەلی عێراق بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی تیرۆر لەوڵاتدا، دەکرێت ئێران بە پێگەکەی ببێتە نموونەیەکی باش لە بواری نۆژەنکردنەوەی بواری ئابووری و پێشکەوتنی بابەتەکانی ژێرخانی عێراق.. پەیوەندییەکانی ئابووری و بەرژەوەندییەکان

لە نێوان هەردوولادا دەتوانێت بناغەیەکی باش دروستبکات کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات پتەوبکات"، دواتریش لە کاتی چاوپێکەوتنی جەلال تاڵەبانی وخامنەئی رێبەری باڵای ئێرانییەکان دا جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"ئێمە ئێران و حکومەتەکەی و گەلەکەی بە هاورێ و دۆستی خۆمان دەزانین، پێمان وایە کە پەیوەندییە بە هێزەکانمان لە ئێستادا خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوولا دەکات"( عبدالعزیز، 2023، 300) ، هەر لەو سەردانەدا رێکەوتننامەی ئاسایشی هاوبەش لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆکرا (Warner, 2013, 118). شایەنی باسە ئێران پەیوەندی باش و بەهێزی لەگەڵ زۆرینەی حزب و لایەنەکانی عێراقدا هەبوو، بەتایبەت پەیوەندی باشی لەگەڵ هەردوو حزبی سیاسی کوردی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی هەبوو، بەوەش ئێران رۆڵی بەرچاوی لە هەڵوێستە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراقدا دەبینی(Razavi, 2013, 91). دیپلۆماسییەتی ئێران بە هەماهەنگی لەگەڵ جەلال تالەبانیدا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ عێراقدا لە رێگای چەند شێوازێکەوە لەوانە:

یەکەم: بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ئاینییەکانی لە عێراقدا.

دووەم: رێگریکردن لە شەری ناخۆ لە ناوخۆی عێراقدا، چونکە دەبووە هەرەشە لەسەر شیعەکان لە عێراقدا.

سێیەم: هێشتنەوەی دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا بە بەهێزی، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر گۆرەپانی سیاسی عێراق هەبێت.

چوارەم: هاندان و پشتیوانیکردنی پێکهاتەکانی کورد و شیعە لە عێراقدا لەلایەن ئێرانەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان.

پێنچەم: پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی عێراق بەشێوەیەکی زۆر باش(الوحيلي،2016، 121-123 ).

پەیوەندییە باش و سەرکەوتووەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئێراندا بووە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەو هۆیەوە شاندێکی سەربازی گەورەی عێراق بە سەرۆکایەتی وەزیری بەرگری سەعدون دلێمی سەردانی تارانیان کرد، کە لە ماوەی چل ساڵی پێش خۆی سەردانی بەو شێوەیە نەکرابوو، لەو سەردانەدا شاندەکە داوای لێبوردنیان لە حکومەت و گەلی ئێران کرد سەبارەت بەوتاوانکارییانەی کە سەدام حوسێن دژ بە ئێرانییەکان ئەنجامی دابوو، لە سەردانەکەدا رێککەوتننامەیەکی سەربازی و هاوکاری لە بواری بەرگری و قەلاچۆکردنی تیرۆر واژۆکرا لەگەڵ ئێراندا، بە پێی رێککەوتننامەکە هەر دوو وڵات لیژنەی هاوبەشیان دروستکرد بۆ هەماهەنگی ئەمنی و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و وهاوکاریکردنی یەکتر بە مەبەستی رێکخستنەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراق، ئەو پەیوەندییانەش بە شێوەیەکی فراوان بەردەوام بوو(الوحيلي،2016، 119-120 )، لە لایەکی دیکەوە ئێران هاوکاری زۆری عێراقی کرد لە رووی ئابووری و سەربازییەوە، ئێران هەر لە ساڵی 2005دا رەزامەندی دەربری لەسەر ئەوەی رۆژانە دوو ملێون لتر نەوتی سپی بۆ عێراقییەکان دابین بکات، لەگەڵ بەخشینی هاوکاری دارایی بە بری یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ عێراقییەکان، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکەی ئابووری کە ئێران پێشکەش بە عێراقی کردبوو(Coordinator, 2009, 11). بەو شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەرەوە پێشچونێکی باش بە خۆیەوە بینی، بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی وەك سەرۆك کۆماری عێراق لە کانوونی یەکەمی 2005دا، بەوەش حکومەتی هەلبژێردراوی عێراق دروست بوو، لە هەمانکاتدا هاوپەیمانی نیشتیمانی یەکگرتوو (الائتلاف الوطني الموحد) سەرکەوتووبوو لەو هەڵبژاردنەدا کە زۆرینەیان شیعە بوون، ئەوەش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی زیاتر بەرەو پێش برد(البياتي، 2001، 72).

بەهۆی فراوانبونی دەسەڵاتی شیعەی ئێران لە عێراق لە نێوان ساڵانی 2005-2006، هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی دژی ئەوفراوانبونە دەرکەوت(الجازي، 2014، 100-138)، پاشای ئوردن مەلیك عەبدوڵڵا هۆشداری دا لە بڵاوبوونەوەی سێگۆشەی شیعە یان هیلالی شیعی لە ناوچەکەدا کە لە ئێرانەوە بەرەوە بەحرەین و باشووری سوریا درێژدەبێتەوە بۆ دۆڵی بیقاع لە باشووری لوبنان، لەوڵاتی میسر لەسەرەتای ساڵی 2006دا سەرۆك حوسنی موبارەك ئاماژەی بە ڕۆڵی ئێران کرد لە عێراقدا و باسی لەوەکرد کە شیعەی عێراق هاوسۆزی و دڵسۆزییان بۆ ئیران زیاترە لە دڵسۆزییان بۆ عێراق، لە هەمانکاتدا وەزیری دەرەوەی سعودیە سعود فەیسەڵ چەند کۆبوونەوەی دیپلۆماسی لە پایتەختەکانی عەرەبی و بیانی ئەنجامدا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراقدا و هۆشیاری دا لە نادادپەروەری حکومەتی عێراقی شیعی بەرامبەر سوونەکان لە عێراقدا، ئەو نیگەرانییانە وایکرد جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق سەرسورمانی خۆی دەربرێت لەوەی کە ئەو وڵاتە عەرەبییانە لەسەرەتادا پشتیوانیان لە حکومەتی نوێی عێراق نەکرد کە لە مانگی ئایاری ساڵی 2006دا دامەزرا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، بەوهۆیەوە جەلال تاڵەبانی کاتی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی بەفەرمی ناڕەزایی دەربری لەسەر ئەو بابەتە(الجازي، 2014، 135 ؛ الجازي، 2006، 113-115). دواتر جەلال تاڵەبانی سەردانییەکانی دەسپێکرد بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و دڵنیاکردنەوەی سەرکردە عەرەبییەکان، ئەوەتا جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی تەلەفزیونی عێراقییەدا باس لە چالاکییە دیپلوماسییەکانی دەکات و دەڵێت:"من بووم سەردانی ئوردن وکوێت وسعودیە و سوریام کرد لە پێناو ڕێکخستنەوە وگەشەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراقی-عەرەبی، دوای ئەوەش هوشیارزێباری وەکو کوردێك سەردانی ئەو وڵاتانەی کرد و پەیوەندییەکانی بەبەڵگەنامە ڕاستکردەوە" (الفضائية العراقية، 2008، 54).

لەگەڵ ئەوانەشدا جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق لە سەردانێکیدا بۆ ئێران لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی 2006دا خواستی حکومەتی عێراقی بۆ پتەکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هاوکاریکردن لە نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێراندا نیشاندا، ئەوەش بەرێکەوتن لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییکانی نێوان هەردوو وڵات بەشێوەیەکی بەرچاو، لەگەڵ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە شێوەیەکی زۆر باش ,Korean Council) (211 ,2008. لەو سەردانەی جەلال تاڵەبانی بۆ ئێران ڕێككەوتننامەیەك واژۆکرا لە نێوان عێراق و ئێراندا، تیایدا ئەوە باسکرابوو کە ئێران هاوکاری دارایی پێشکەش بە عێراق بکات، هەروەها ئێران بەڵێنی دابوو کە هاوکاری زیاتری عێراق بکات لە داهاتوویەکی نزیکدا(الغنجة، 2017، 117)، بەڵام وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی هەرێمی دراوسێ ی عێراق نیگەرانییەکانیان هەرمابوو لە زیادبوونی هەژموونی ئێران لە عێراقدا، لە سەروی هەموویانەوە وڵاتی شانشینی سعودیە کە ترسی ئەوەی هەبوو کە ئێران ناوچەکە گەمارۆبدات و کاریگەرییەکانی بگاتە ناوچەی وڵاتی یەمەن، کە ئەوکات یاخیبووەکانی حوسییەکانی لێ بوو، بەتایبەت کاتێك ئێران چەندین هەوڵی دا کە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆیی زۆرێك لە وڵاتانی کەنداوەوە(بهجت، 2023، 152). لەگەڵ ئەوانەشدا لەسەرەتای ساڵی 2007دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دامودەزگاکانیان بەگشتی لە سەروی هەموویانەوە کۆنگرسی ئەمریکا، پێیان وابوو کە هەژمونی ئێران بە قوڵی لە ناوچەکە و عێراقدا چەسپاوە، لە هەمانکاتدا کاردەکات بۆ تێکدانی سەقامگیری عێراق(يعلون، 2009، 80). بەو هۆیەوە جەلال تاڵەبانی سەردانی شانشینی عەرەبی سعودیە دەکات لەو سەردانەدا شانشین سعود فەیسەڵ و ترکی فەیسەڵ دەبینێت، گفتوگو لەسەر چەندین بابەتی گرنگ دەکەن، کاتێك باس لە فیدرالیەت دەکرێت شانشینی سعودیە دەڵێت: "ئێمە لە فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان تێدەگەین، بەڵام دژی فیدرالیەتی شیعەکانین لە باشوور لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە"( بارزانی، 2023، 254)، بەوەش دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی و

شانشینی عەرەبی سعودیە لە ئاستێکی زۆر باشدابووە. بەهۆی ئەو پەیوەندییە باشانەی نێوان جەلال تاڵەبانی و شانشینی عەرەبی سعودیە، لە ساڵی 2007دا سعودیە نزیکەی (80%)ی قەرزەکانی عێراقی سڕییەوە کە قەرزاری بوو، لە هەمان ساڵدا شانشینی سعودیە ڕێککەوتنێکی هاوکاری ئەمنی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی واژۆکرد(رهیب ، 2008، 64-66). لێرەدا دیپلۆماسیەتی جەلال تاڵەبانی ڕوونە لە ڕادەی باشتربوونی پەیوەندییەکانی سعودیە و عێراق، بەو پێیەی شانشینی سعودیە سەرەتا ڕازی نەبوو هیچ کام لە قەرزەکانی عێراق بسڕێتەوە و لەو هەڵوێستەدا توند بوو، بەڵام دوای ئەوسەردانەی تالەبانی دەستبەرداری بەشێک لە قەرزەکانی بوو، ئەمەش بە واتای کرانەوەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا، دواتر هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە تەمموزی ٢٠٠٧ سەردانی شانشینی سعودیەی کرد و ئەو سەردانە بووە هۆی کردنەوەی باڵیۆزخانەی عێراق لە ڕیاز، لە بەرامبەر بەڵێنی سعودیە بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانەکەی لە عێراق (الحيكاني، 2020، 117-118)، لە هەمانکاتدا ئێران ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پاڵپشتکردنی عێراق لە ڕوی داراییەوە، شایەنی باسە ئەو هاوکارییە داراییانەی ئێران خەرجی کردبوو بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزە ئاینیەکانی شیعە لە عێراق لە نێوان ساڵانی (2003 بو 2007) گەیشتە (64،8) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش تەنها ئەو برەبوو کە لە ڕاگەیندنەکاندا باسی لێوەکرابوو بۆ هاوکاری شیعە لە عێراقدا، بەڵام ئەو خەرجیانەی شاراوە بوو زۆر زیاتر بوون(الغنجة، 2017، 117-118).

جەلال تاڵەبانی لە 29ی کانونی دووەمی 2007دا چاوی بە وەزیری بەرگری بەریتانیا کەوت، لەو دیدارەدا ڕایگەیاند کە ئێران دڵنیای کردووەتەوە لەوەی کە ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ هاوکاریکردنی عێراق لە بواری پاراستنی ئاسایش و پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی عێراقدا، لە هەمانکاتدا سنوورێك دابنرێت بۆ کۆتایی هێنان بەو گروپە چەکدارانەی کە هەڵدەستن بە کاری تەقینەوە و تیرۆر لە عێراقدا(حميد، 2016، 104). ئەوەش لە ڕوانگەی ئەوەوە دێت کە جەلال تاڵەبانی دڵنەوایی بدات بەووڵاتە زلهێزەکان، کە وڵاتی ئێران نابێتە مەترسی بۆ ناوچەکە و لە هەمانکاتدا وڵاتە عەرەبییەکان دڵنیابکاتەوە.

سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتادا ئامادەنەبوون کە هیچ دانوسانێك لەگەڵ ئێراندا بکەن، بەڵام دواتر لە 28ی ئاياری 2007دا لەگەڵ ئێرانیەکان سەبارەت بە عێراق دانوستانیان ئەنجامدا، هەردولایەنی ئەمریکی و ئێرانی لە شاری بەغدا و لە ماڵی نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە بەسەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق کۆبوونەوە(Katzman, 2010, 29 ؛ البياتي، 2015، 73)، هەردوولا لەسەر بنەمای سیاسەتی هاوبەشی فراوان رێککەوتن کە عێراق بەرەوپێشکەوتن و سەقامگیری ببەن، لەو دانوسانەدا ئەمریکا مەرجی ئەوەی دانا بۆ ئێرانییەکان کە دەست هەڵگرن لە هاوکاری میلیشا چەکدارەکان لە عێراقدا، دواتریش خولێکی دیکەی دانوستانیان ئەنجامدا لە نێوانی هەرسێ لایەنی (ئەمریکا، ئێران، عێراق) لە 24ی تەموزی 2007دا لەو دانوستانەدا رێککەوتن لەسەر دروستکردنی گروپێك بۆ کارکردن بەمەبەستی گفتوگۆکردن و دۆزینەوەی ئەو رێگایانەی کە بگەن بە سەقامگیری لە عێراقدا، دواتریش لە 6ی ئابی 2007دا ئە گروپانە کۆبوونەوە بەمەبەستی وەستاندنی ناردی چەك بۆ عێراق لە رێگای ئێرانەوە، لە هەمانکاتدا سەقامگیرکردنی بەغدا و هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق(Katzman, 2010, 29)، بێگومان ئەوەش گرنگی پێگەی وڵاتی ئێران دەردەخات لەناوچەکە و لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی عێراقیشدا، کە جەلال تاڵەبانی درکی پێکردبوو بەو هۆیەوە پەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئێران هەردەم بە باشی دەمایەوە، ئێران تەنها بە پەیوەندییە قوڵ و بەهێزەکانی لەگەڵ لایەنە شیعیەکاندا نەوەستا، بەڵکو کاریگەرییەکانی قوڵ بووەوە بۆ ناو رێکخراوەکانی دیکەی عێراق و ئەو کوردانەی کە پابەندبوون بە مەزهەبی شیعەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا

هەروەك باسکرا ئێران پەیوەندی باشی لەگەڵ هەردوو حزبی (ی.ن.ك) بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و (پ.د.ك) بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی هەبوو، پاراستنی ئەو پەیوەندیانەش لەگەڵ کوردا بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی ئێرانی دەستەبەردەکرد، لە دوولایەنی گرنگەوە:

یەکەمیان: لە خۆگرتنی مەترسی جیابوونەوەی کورد کە ناسراون بە دوژمنایەتی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو، بەو پێیەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر کوردەکانی ئێران لە دژی بیرو بۆچونی جیابوونەوە، دووەمیان: بەردەوام بوونی سیاسەتی کۆکردنەوەی شیعەکان و یەکگرتنیان لە عێراقدا، بە بێ گرنگیدان بە لایەنی نەتەوەیی و ڕەگەزیان(الغنجة، 2017، 129). شایەنی باسە لە 28ی ئابی 2007دا پێشهاتێکی جیاواز لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا ڕویدا کە شێوازێکی نائاسایی بوو، ئەوەش بریتی بوو لەوەی هێزە ئەمریکییەکان هەستان بە دەستگیرکردنی ئەندامانی شاندی وەزارەتی کارەبای ئێران لە عێراقدا و هەموو کەلوپەلەکانیان دەست بەسەرداگرت لەگەڵ ئامێری کۆمپیوتەری تایبەت بە ئەندامانی شاندەکە، لە کاتێکدا شاندکەی ئێران هاتبوون بۆ بەغدا بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەستێك بۆ دابینکردنی نەوت و وزە، بەڵام لە دواتردا ئێران ئەو کارەی ئیدانە کرد و بەکارێکی قێزەونی ناوبرد، بەو هۆیەوە جەلال تاڵەبانی لە 28ی هەمان ساڵ و مانگ دا لە بەغدا چاوی کەوت بە کازمی قومی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق، هەردولا جەختیان کردەوە لەسەر چارەسەرکردنی کیشەکان لەرێگای گفتوگۆ و هاوکاری هاوبەشەوە( رۆژنامەی کوردستانی نوێ، 4359، 2007)، ئەوەش وایکرد کە دواتر ئەمریکییەکان ئێرانییە دەستبەسەرەکان ئازادبکەن( Fayazmanesh, 28 ,2013). لە دوای ئەو ڕوداوەش شانشینی سعودیە پێیوابوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕادەستکردنی عێراق بە ئێرانییەکان، لە ڕێگای سیاسەتەکانی لە عێراقدا دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ ئێرانییەکان و میلیشیا چەکدارەکانی بۆئەوەی کۆنترۆڵی عێراق بکات، لە هەمانکاتدا لە ڕێگای شیعەکانەوە چەند گروپێك هەڵدەستن بە کاری کوشتن و دروستکردنی شەڕ و خۆکوژی لە دژی سوننەکانی عێراق لە ڕێگای شیعەکانەوە.( الربیعي، 2012، 100-152). شایەنی باسە هەژموونی ئێران لە عێراقدا لە پێشکەوتندا بوو، لە لایەکی دیکەوە جەلال تاڵەبانی بۆ هاوسەنگی پەیوەندییەکان زۆر بە دڵسوزانە لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەڵسوکەوتی دەکرد و لە سیاسەتی دەرەکی و هەڵوێستەکانیدا دژایەتی نەدەکردن، بە پێچەوانەوە هاوکاری دەکردن و هەوڵی دەدا بە پێی توانا لییان نزیك بێتەوە(قبلان، 2021، 150-162). بەو هۆیەوە جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق هەوڵی ئەدا بەردەوام لەگەڵ بەرپرسەکانی ئێران کۆببێتەوە و نێوانگیری ئەنجامبدات لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی ئێران و هەرێمی کوردستای عێراق زۆرباش بوو، ئەوەش وایکردبوو ئێران ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ڕوداوەکاندا لە عێراق(Komal, 2020, 188)، لەلایەکی دیکەوە تاڵەبانی لە هەوڵەکانی بەردەوام بو بۆ نێوانگیری ئەمریکا و ئێران، ئەوەبوو لە 15ی کانوونی یەکەمی 2007دا پێشوازیکرد لە شاندی گفتوگۆکاری ئێران لەگەڵ ئەمریکا بەسەرۆکایەتی دکتۆر محەممەد جەعفەری یاریدەدەری ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و ئەندامێتی کازمی قومی باڵوێزی ئێران لە عێراق و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی شاندەکە، لەو دیدارەدا گفتوگۆ سەبارەت بە دانوسانەکان کرا و تاڵەبانی جەختی کردەوە لەسەر بایەخی ئەو گفتوگۆیانە بۆ عێراقییەکان و دووپاتیکردەوە کە لەهەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ نێوانگیری لە نێوان هەردولادا( رۆژنامەی کوردستانی نوێ، 4449، 2007). لەگەڵ ئەو هەوڵانەی جەلال تاڵەبانیدا ڕاپۆرتێکی ئەمریکی لە 1ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2007دا دەرچوو بوو، بە ناونیشانی پێوانەی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق باسی لە کاریگەری ئێران لە ناوچەکە و عێراقدا کردبوو، تیایدا هاتبوو:

یەکەم: مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك كۆماری ئێران لە مانگی کانوونی یەکەمی 2007دا بەڵێنی بە نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دابوو کە هاوکاربێت لە ڕاگرتن و گواستنەوەی چەك و پارەدان و پشتیوانیکردن لە گروپە بەرهەڵستکارەکان لە ڕێگای سنووری ئێرانەوە، بەڵام هیچ دژایەتی بەرچاوی ئێرانییەکان بۆ ئەو گروپانەی عێراق دەرنەکەوتووە، بەڵکو پشتیوانی ئێران بۆ ئەوگروپانە بەردەوامە بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەوەش بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم سەقامگیری و پێشکەوتنی وڵاتی عێراقدا.

دووەم: بەرپرسەکانی ئەمریکا بەڕوونی ئەوەیان خستبووە ڕوو کە ئێران ڕەنگە لە چەند مانگی ڕابردوودا پاڵپشتییەکانیان بۆ گروپە چەکدارە جۆراوجۆرەکانی عێراق کەمکردبێتەوە، بەو هۆیەوە دیفید ساترفلید ڕێکخەری کاروباری عێراق و ڕاوێژکاری باڵای کوندالیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لە مانگی کانوونی یەکەمی 2007دا ڕایدەگەیەنێت کەمکردنەوەی چەك لە لایەن ئێرانییەکانەوە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی لە عێراقدا(السيد، 2008، 14-18 ؛ حميد، 2016، 105).

**سێیەم: چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال حیسامەدین تاڵەبانی لەگەڵ ئێران (2008-2013).**

لە ساڵی 2008دا پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران زیاتر گەشەکردن بە خۆیەوە دەبینێت، ئەوەش لە 2-3ی ئازاری 2008دا لە سەر بانگهێشتنامەی جەلال تاڵەبانی مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك كۆماری ئیسلامی ئێران سەردانی بەغدای کرد و زیاتر لە حەوت یاداشتی لێکتێگەیشتنیان بەیەکەوە لە بواری هاوکاری گومرگی و بیمە و دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون و هاوکاری لە بواری پیشەسازی و کانگاکاندا واژۆکرد، لەگەڵ یاداشتێك لە بواری گواستنەوە و یەکێکی دیکە لە بواری کۆنترۆڵ و کوالێتی وپێدانی قەرز بە عێراق بە بڕی یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی( Coordinator, 2009, 11 ؛ عبدالعزيز، 2023، 301). جگە لەو ملیار دۆلارە ئەمریکییەی کە لە ساڵی 2005دا درابوو بە عێراق لە لایەن ئێرانەوە(Coordinator, 2009, 11) ، بەهۆی پەیوەندی باشی نێوان عێراق و ئێران بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان عێراق و ئێراندا لە ساڵی 2008دا گەیشە (4) ملیار دۆلاری ئەمریکی(Katzman, 2010, 29).

بەو جۆرە هەرچەندە لە ساڵی 2008دا گۆڕانکارییەکی ئەرێنی و دیار ڕویدا لە ڕەوشی ئاسایش و سیاسی ناوخۆی عێراق، بەڵام ژمارەی کوژراوەکان لەو ساڵەدا گەیشتە (6787) کوژراو و بریندارەکانیش گەیشتە (20178) بریندار، ئەوەش لە ئەنجامی ململانێ ناوخۆیی عێراق لە نێوان میلیشیا شیعەکان و هێزەکانی ئاسایش و ڕێکخراوی قاعیدە و میلیشیا سوننەکان، شاری بەغدا و شاری موسڵ لە شارەکانی دیکە زیاترە زەرەرمەندبوون(٧).

لە مانگی نیسانی ساڵی 2008دا وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران محەممەد عەلی حوسێن ئیدانەی ئەو هێرشانەی کرد کە کرابووە سەر ناوچەی سەوز لە بەغداد و ڕایگەیاند هێرشە چەکدارییەکان بۆ سەر ناوچەی سەوز لە بەغداد کردەوەیەکی قێزەونی توندی ئیدانەکراوە، ئەوەش ڕادەی دەستێوەردانی ئێرانییەکان نیشان دەدات لە دۆخی ناوخۆی عێراق بەشێوەیەکی گشتی، لەهەمانکاتدا ڕەزامەندی عێراق بۆ ئەو دەستێوەردانانەی ئێران و پێشوازیلێکردنی(المشهداني، 2009، 517). دواتر لە مانگی ئایاری ساڵی 2008دا کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە نێوان جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراق و ژمارەیەك بەرپرسی باڵای ئێران و ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی قودسی ئێران بەڕێوەچوو، ئەوەش زیاتر هەژموونی ئێران دەردەخات لە عێراقدا لەوکاتەدا، چونکە کەسایەتی قاسم سولەیمانی خاوەن بەرپرسیارییەتی مەلەفی عێراق و فەرماندەی هێزەکانی قودسی ئێران بوو و پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، لەو دیدارەدا جەلال تاڵەبانی و قاسم سولەیمانی ئەوەیان ڕونکردەوە کە دەبێت کاربکرێت بۆ بنیاتنانەوەی عێراق و سەقامگیریەکی، لەهەمانکاتدا قاسم سولەیمانی

ڕایگەیاند کە ئێران پشتگیری لە حکومەتەکەی نوری مالکی دەکات بۆ هەوڵەکانی لە داماڵینی چەك لەدەست میلیشا چەکدارەکانی عێراق(المشهداني، 2009، 517). بەو جۆرە عێراق و ئێران زیاتر لەیەکتری نزیکبونەوە، هەر لەوساڵەدا ئێرانییەکان مەشق و ڕاهێنانیان بە هێزە سەربازییەکانی عێراق دەکرد، بەمەبستی پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە عێراقدا، کە چەند لایەنێك پێیان وابوو کە ئێران ژێربەژێر هاوکاری و پشتگیری میلیشا چەکدارە جۆراوجۆرەکان دەکات لە عێراق(Katzman, 2010, 3-5)، لە مانگی ئابی هەمانساڵدا ئێران ڕایگەیاند کە بری یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی پێشکەش بە عێراق دەکات بەمەبستی هاوکاری و بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی فرۆکەخانەی نەجەف کە لە مانگدا کرایەوە(Coordinator, 2009, 11). بەمەبەستی چالاك کردنی پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و ئێران نوری مالیکی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2009دا سەردانی ئێران دەکات و چەند ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ ئێران واژۆدەکات کە تایبەت بوون بە گواستنەوە و هاوکاری لە بواری وزە دا و ئازادی ڕۆیشتن و گواستنەوەی حاجییەکان، لەگەڵ ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بە ئاسایشی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و گۆرینەوەی زانیاری هەواڵگری، هەروەها ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی تایبەت بە هێڵی متمانەیی هەناردەکردنی کاڵای ئێرانییەکان بۆ عێراق بە بەهای یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی(Katzman, 2010, 29). لە 26ی شوباتی 2009دا جەلال تاڵەبانی سەردانی وڵاتی ئێرانی کرد کە لە لایەن مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بانگهێشتکرابوو، لەو سەردانەدا بە شێوەیەکی فەرمی لە 27ی شوباتی 2009دا پێشوازی لێکرا لە کۆشکی کۆماری ئێرانی بە ئامادەبوونی مەحمود ئەحمەدی نەژاد ، لەکاتی کۆبوونەوەکەدا مەحمود ئەحمەدی نەژاد ڕایگەیاند:"سەرۆك جەلال تاڵەبانی هێمای پەنجا ساڵی خەبات و تێکۆشانە"، هەرلەو کۆبوونەوەیەدا جەختیان لەسەر پەیوەندی باشی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران کردەوە(عبدالعزیز، 2023، 303). دواتریش لەگەڵ ئایەتوڵا خامنەئی لە تاران کۆبوونەوە، زۆرێك لە بابەتەکانی سیاسی و ئاینی و ئابووریان تاوتوێکرد، لەو کۆبوونەوەیەدا ئایەتوڵا خامنەئی داوای لە جەلال تاڵەبانی کرد کە پارتە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان لە عێراق دەربکات کە لە ئێران ڕایانکردووە و لە عێراق نیشتەجێ بوونە، بۆ ئەوەی ڕوحی پەیوەندی و دۆستایەتی لە نێوان هەردوو وڵاتدا باش و بەهێزبێت و هیچ دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیەك لە نێوان هەردوولادا نەمێنێت (United States, 2011, 137) [vi].

ئەوە بوو بۆزیاتر بە هێزکردنی پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوان عێراق و ئێران جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق گرێبەستی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی بە زۆرێك لە کۆمپانیا ئێرانییەکان بەخشی، بۆ نموونە، ئەوەی لە مانگی شوباتی 2009دا بەخشرا بە کۆمپانیا ئێرانیەکان، شایەنی باسە گرێبەستەکانی نێوان عێراق و کۆمپانیا ئێرانیەکان لە ساڵی 2009دا گەیشە نزیکەی یەك ملیار دۆلاری ئەمرکی بەمەبەستی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی شاری بەسرە لە باشووری عێراق، لەگەڵ چاککردنەوەی شوێنە مێژووییە دێرینەکان و شوێنەوارە کۆنەکانی عێراق لە باشووری عێراق (Coordinator, 2009, 11).

جارێکی دیکە جەلال تاڵەبانی لە 11ی ئازاری 2009دا بەشداری دەکات لە کۆنگرەی لوتکەی دەیەمی وڵاتانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری (ئیکۆ) لە تارانی پایتەختی ئێران، لەو کۆنگرەیەدا داوا لە وڵاتەکانی بەشداربوو دەکات کە وەبەرهێنان و بازرگانی لە عێراقدا بکەن لە هەمانکاتدا سوپاسی مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێران و ئێرانییەکان بەگشتی دەکات(عثمان، 2022، 49-50).

چالاکییە دیپلۆماسییەکانی جەلال تاڵەبانی بەردەوام بوو لە دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان عێراق و ئێراندا، تەنانەت ڕۆڵی گەورەی بینی لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان عێراق و ئێران و ئەمریکادا، ئەوەبوو لە ساڵی 2009دا جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا توانیویەتی ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای فەیلەقی قودس سەر بە پاسدارانی ئێران لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا ئۆدیرنۆ و باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا کریستۆفەر هێڵ کۆبکاتەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا دانووستان بکەن سەبارەت بە چارەنووسی عێراق و گۆرینەوەی بیروڕا سەبارەت بە هاوکاریکردنی عێراق، لەکاتێکدا کۆشکی سپی و سوپای ئەمریکا لە عێراق قاسم سولەیمانییان بە تیرۆرست ناوبردبوو، ئەوەش کارامەیی و توانای دیپلۆماسیەتی جەلال تاڵەبانی دەردەخات لەوکاتەدا(ڕۆژنامەی ئاوێنە، 199، 2009).

لە زۆرینەی سەردانەکانی جەلال تاڵەبانیدا بۆ وڵاتان بەگشتی هیچ کات پەیوەندییە باڵاکانی نێوان وڵاتەکانی بەکەم سەیرنەکردووە، بەڵکو هەمیشە هەوڵی لێك نزیکبوونەی داوە لە نێوان وڵاتەکاندا بە عێراقیشەوە، ئەوەتا جەلال تاڵەبانی لە کاتی سەردانیدا بۆ فەرەنسا سارکوزی سەرۆکی فەرەنسا بە ناوی یەکێتی ئەورووپاوە داوا لە جەلال تاڵەبانی دەکات کە پەیامێك بگەیەنێت بە بەرپرسانی کۆماری ئێران، بەڵکو رۆڵێکی باش و ئەرێنی ببینن و دەست نەخەنە کاروباری وڵاتانی عێراق و لوبنان و فەلەستین و یەمەنەوە، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکار بۆ ساغکردنەوەی ململانێکانیان لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا و رۆژئاوادا، لەهەمانکاتدا ئەورووپییەکان داوایان لە جەلال تاڵەبانی کردبوو کە پەیامی ئەوەش بگەیەنێت بە ئێرانییەکان کە کاربەدەستانی باڵای ئێران پێویستە لە کاتی گفتوگۆکاندا سەبارەت بە کورە ئەتۆمییەکان نەرمییەکی زیاتر بنوێنن و سەرپێچی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان نەکەن(ڕۆژنامەی ئاوێنە، 199، 2009). ئەوەش توانایی و لێهاتووی دپلۆماسییەتی جەلال تاڵەبانی دەردەخات لە بەدەستهێنانی متمانەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان. دواتر لە 22ی تشرینی دووەمی 2009دا جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە ئێران و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتەکەدا کۆبوەوە، لە هەمانکاتدا نامەیەکی تایبەتی لە یەکێتی ئەورووپاوە بە مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران گەیاند، لەو سەردانەدا چەند بابەتێکی گرنگی نێودەوڵەتی و هەرێمییان تاوتوێکرد، لەوانە بابەتی ململانێ ی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا لەسەر کورە ئەتۆمییەکانی ئێران و هەڵبژاردنی خولی داهاتووی عێراق و لابردنی سزای لە سێدارەدان بەسەر هەرو زیندانی (شێرکۆی مەعاریفی و حەبیبوڵلای لەتیفی)، لێریدا دەردەکەوێت کە جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئەوەی سەرۆك کۆماری عێراق بووە کە پۆستێکی باڵای عێراقە، بەڵام هەمیشە لە خەمی پەیوەندییەکانی وڵاتاندا بووە و بنەمای ئاشتەوای و سەقامگیری کردووەتە ئامانجی، لەگەڵ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە هاتووە داکۆکی لە زیندانە سیاسیەکان دەکات لە ئێراندا (ڕۆژنامەی ئاوێنە، 199، 2009).

لە مانگی ئازاری 2010دا مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێران بانگهێشتی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق دەکات بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ لە ئێران، لەکاتی ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی لەو ئاهەنگەدا مەحمود ئەحمەدی نەژاد جەختی لەسەر دۆستایەتی و برایەتی لە نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا کردەوە، لە هەمانکاتدا پێشوازی لەوتارەکەی جەلال تاڵەبانی کرد کە داوای برایەتی و خۆشەویستی و هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتی کرد ( Akbarzadeh, 2016, 102).

لە ساڵی 2010دا ئێران پشتگیری میلیشا چەکدارەکانی لە عێراق کەمکردەوە، ئەوەش لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە ڕاگەیەندرا کە باسی لەوەکرد ئێرانیەکان بە شێوەیەك لەشێوەکان پشتگیریەکانیان بۆ میلیشیا چەکدارەکان لە بەغدا کەمکردووەتەوە،

هەرچەندە بەرپرسە ئێرانییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو میلیشا چەکدارە شیعەکاندا پاراستبوو (Juneau- Razavi, 2001, 91)، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنی 7ی ئازاری 2010دا(سوادي، 2020، 23)، لیستی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بونە خاوەنی (89) کورسی پەرلەمانی و لیستی ئەلعراقیە بوونە خاوەنی (91) کورسی[vii] بەوەش دەنگە لایەنگرەکانی ئێران گەڕانەوە ناوپەرلەمان و گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق، ئەوەش بەشێوەکی رون و ئاشکرا دەرکەوت (Juneau- Razavi, 2001, 91).

لەڕاستیدا ئێرانییەکان سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆر لە شیعەکان لە هەڵبژاردن سەرکەوتووبوون و حکومەت لە لایەن ئەوانەوە پێکهێنرا، بەڵام ئێرانییەکان پشتگیری میلیشا چەکدارەکانی رەوتی سەدرییەکانیان دەکرد لە عێراقدا، لە هەمانکاتدا فشاریان خستە سەر حکومەتی عێراق و بەتایبەت جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆمار بۆ رێکخستنەوەی سنوورەکان ئەوە بوو لە ساڵی 2011دا رێککەوتن نامەیەکی سەربازی لە نێوان عێراق و ئێراندا ئەنجامدرا کە دیارترین لە بڕگەکانی بەکارنەهێنانی سنوورەکانی عێراق بوو بۆ هیچ کارێکی سەربازی لە دژی ئێران بە هەر هۆکارێك و بەهەر شێوازێك بێت(Lim, 2022, 218). بەوەش پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران زیاتر بەرەو پێش چوون، بەڵام کاتێك وڵاتی تورکیا درکی بەو لێك نزیکبونەوەی عێراق و ئێران کرد لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی، تورکیا کەوتە چاودێریکردنی هەموو ئەو جموجۆڵانەی کە ئێرانییەکان لە عێراقدا ئەنجامیان ئەدا، ئەوەش بۆ ئەوەی تورکیا ئاگاداری هەموو کاروبارێکی سیاسی و رووداوەکان بێت لە عێراقدا، چونکە تورکیاش بەرژەوەندی لە عێراقدا هەبوو وەکو دراوسێیەکی عێراق(Kumral, 2020, 188). لەهەمانکاتدا تورکیا و ئێران چەندین جار کەوتوونەتە ناکۆکی گەورەوە لەگەڵ یەکدا، بەتایبەت بۆ سەقامگیری عێراق، بۆ ئەوەی ئێران بە تەنها کۆنترۆڵی عێراق نەکات و تورکیاش پشکی هەبێت لە بەرژەوەندییەکانی عێراقدا، بۆیە تورکیا هەوڵیدابوو کە هاوسەنگییەك لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران دروستبکات، لەبەرامبەردا عێراق لە رێگای جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق هەوڵی ئەدا پەیوەندییەکی توکمە و باش لەگەڵ ئێراندا دروستبکات و هاوسەنگی پەیوەندییەکانی تورکیاش بهێڵێتەوە، ئەوەش لە رێگای هاوبەشی لە بواری ئابووری و سیاسی و ئاسایش لەگەڵ ئێران و وڵاتانی دیکەدا، بەتایبەت ئێران، چونکە لە عێراق دا لاینگری زۆری هەبوون(United States, 2011, 137 ؛ McLoughlin, 2015,185). لەلایەکی دیکەوە ئێران درێژترین سنووری هاوبەشی وشکایی لەگەڵ عێراقدا هەبوو کە دەگەیشتە (1458) کیلومەتر چوارگۆشە (Eslami-Vieira, 2023, 199). سەرباری ململانێ ی نێوان تورکیا و ئێران لە لایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیان وابوو کە ئێران ساڵانێکی زۆرە کاری کردووە بۆ فراوانکردنی دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە عێراقدا و بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و ئاینی و کەلتوری بەستووە لە عێراقدا، بەڵام هەندێك جار ئەو هەوڵانەی ئێران کاردانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لە عێراقدا، چونکە کاردانەوەی نەتەوەیی عێراقییەکانی لێکەوتووەتەوە و بەوەش گرژی و ئاڵۆزی دروست بووە، ئێرانییەکان سوودیان لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەرگرت لە ساڵی 2011دا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە عێراق بەهێزبکەن( Eisenstadt, 2010, https://iranprimer.usip.org/resource/iran-and-iraq).

ئەوە بوو لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2011دا کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بوو کە لە عێراقدا بوون، ئەوەش بە پێی رێککەوتنامەی واژۆکراوی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ئەو کشانەوەیەی بەشێکی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە 18ی کانوونی یەکەمی 2011دا کۆتای هات[viii].

جەلال تاڵەبانی یەکێك لە بنەماکانی کە باوەڕی تەواوی پێ ی بوو ئەوەبوو دژایەتی تیرۆربکات، بەو بۆنەیەوە لە 25ی حوزەیرانی 2011 دا جەلال تاڵەبانی بەشداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی دەکات لە تاران پایتەختی ئێران، بەو بۆنەیەوە وتارێك پێشکەش دەکات و تیایدا باس لە تیرۆر دەکات کە چۆن هەڕەشەن بۆ سەر مرۆڤەکان و ئابووری جیهان دادەڕوخێنن و دەبنە بەربەست بۆ هاوکاری و پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان، بەتایبەت وڵاتەکانی هەرێمی و دراوسێ ی عێراق (الاتحاد ، 2011، 2725).

لە 17ی کانوونی یەکەمی 2012دا جەلال تاڵەبانی نەخۆش دەکەوێت و دەگەیەندرێتە نەخۆشخانەی شاریتە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا(ئەسەسەرد، 2021، 584 ؛ عثمان، 2012، 456-466)، کۆماری ئیسلامی ئێران بایەخ و گرنگییەکی زۆری بە نەخۆشکەوتنەکەی جەلال تاڵەبانی دا و دەستبەجێ تیمێکی پزیشکی لە تارانەوە بۆ فریاکەوتنی تاڵەبانی رەوانەی بەغداکرد، دواتریش نەخۆشکەوتنەکەی جەلال تاڵەبانی بووە هۆی گرنگی میدیاکانی ئێران و بەشێك لە میدیاکانی ئێران جەلال تاڵەبانی و ئایەتوڵلا سیستانیان بە دوو کەسایەتی گەورە ناوبرد کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و برەودان بە میانڕەویی لە ووڵاتی عێراقدا(ڕۆژنامەی ئاوێنە، 357، 2012). لەگەڵ ئەوەشدا ئێران سوودی زۆری لە نەخۆشکەوتنەکەی جەلال تاڵەبانی وەرگرت و زیاتر دەستی خستە ناو کاروباری عێراقەوە و بەشێك لە کاروباری ناوخۆیی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، لە هەمانکاتدا بەشێکی زۆری یاخیبووەکانی سەر بە موقتەدا سەدر و شیعەکان چونە ڕیزەکانی لایەنگرانی ئێرانیەکانەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا ئێران یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیابوونەوەی لە عێراق بوو(Phillips, 2018, 128).

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بوترێت کە جەلال تاڵەبانی هەردەم ڕایدەگەیاند کە ئێران دراوسێیەکی زۆر باشی عێراقە و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی هەیە لە ناوچەکەدا و لە عێراق بە تایبەتی، لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئێران هەمیشە یارمەتیدەری عێراق بووە و پاڵپشتی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی کردووە بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەوەش جەلال تاڵەبانی هەموو هەوڵێکی دەدا کە پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران بەهێزبێت(Lawson, 2013, 150-190). بەوەش دەردەکەوێت کە ئێران یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە پالپشتی گەورەی عێراقییەکانی کرد بۆ دروستکردنەوەی حکومەت و هاوکاریان بوو کە عێراق جارێکی دیکە گەشەبکاتەوە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بگەرێتەوە بۆ گەلی عێراق، لە هەمانکاتدا هەوڵی داوە هاوسەنگییەك لە نێوان پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران و تورکیادا دروستبکات.**ئەنجام:**

1- وڵاتی ئێران لە بەرژەوەندیدا بوو کە حکومەتی بەعس بروخێت، بەڵام ترسی هەبوو لە لەشکرکێشی ئەمریکا، لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی هەبوو لە سەردانیکردنی ئێران و دڵنیاکردنەوەیان بۆ جەنگی ئەمریکا دژی عێراق لە ساڵی 2003 دا.
2- لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئێران پێگەیەکی گەورەی و ڕۆڵی گرنگی بۆ دروست بوو لە عێراقدا و جەلال تاڵەبانیش خوێندنەوەی بۆ ئەو پێگەیەی ئێران هەبوو لە ناوچەکەدا.
3- لەدوای وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حکوم لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە لە مانگی تشرینی دووەمی 2003 سەردان و پەیوەندیەکانی زیاتر کرد، لە دیارترین ئەو وڵاتانەی سەردنی کرد ئێران بوو توانیتی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەهێز بکات.
4- لە ساڵی 2004 دا ڕاپەڕینی موقتەدا سەدر دەستی پێکرد بەڵام بە هەوڵ و دیپلۆماسیەتی جەلال تاڵەبانی ئەو ڕاپەڕینە نەبووە هۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان عێراق و ئێراندا دروست بێت.

5- لەگەڵ وەرگرتنی سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە پەیوەندییەکان زیاتر بەرەو پێش چوو و چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگ لە نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێراندا واژۆ کرا، تەنانەت ئێران لە بەشێکی زۆر قەرزەکانی خۆش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری دارایی بۆ نوژەنکردنەوەی ژێرخانی عێراق پێشکەش کرد.

6- لە ساڵی 2008دا مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەردانی بەغداد دەکات و چەندین ڕێکەوتنامەی گرنگ لەگەڵ جەلال تاڵەبانب واژۆ دەکات، بەوەش پەیوەندییەکان پێشکەوتنی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت.

7- لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی جەلال تاڵەبانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لە هەمانکاتدا هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئێران ئەوروپا دروست بکات.

8- جەڵال تاڵەبانی کەسێکی زۆر پەسەند بووە لای ئێرانییەکان، لە کاتی نەخۆشکەوتنی تاڵەبانیدا ئێران تیمی پزیشکی تایبەتی خۆی ڕەوانی بەغدا دەکات بەمەبەستس چارەسەرکردنی، ئەوەش ڕادەی خەمخۆری و گرنگیدانی ئێرانییەکان دەردەخات بۆ جەلال تاڵەبانی.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:**

1- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلیمانی، 2021.

2- کامەران جەمال بابان زادە: رێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، چاپخانەی سلیمانی، سلیمانی، 2013.

3- مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد 2003-2016، بەرگی (6)، بەشی (1) چاپخانەی روکسانا، هەولێر، 2023.

**دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی :**

1- انتوني كوردسمان: ايران والولايات المتحدة، قضايا هامة من منظور امريكي، تعليق.. حامد محمود السيد، المركز الدولي لدراسات المستقبلية والاستراتيجية، العدد (42)، 2008.

2- جودت بهجت: دول الخليج العربية وإيران، الطبعة الاولي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، قطر، 2023.

3- حسن الربيعي: مجموعات المقاومة المسلحة في أفغانستان والعراق، دار زهران للنشر والتوزيع، 2012.

4- حسين حافظ رهيب: العلاقات العراقية السعودية، دراسات سياسية، بيت الحكمة، بغداد، العدد (513)، 2008.

5- دلشاد عمر عبدالعزيز: الدورالدبلوماسى للرئيس جلال طالبانى 2005-2012 فى تفعيل علاقات العراق مع محيطه الاقليمى (ايران و توركيا نموذجا)، مؤسسة بحر العلوم الخيرية، مؤسسة الرئيس جلال طالبانى، الاعمال الكامله للملتقى الوطنى الأول للذكرى السادسة لرحيل الرئيس جلال طالبانى، النجف الاشرف، تشرين الاول، 2023، من اصدارات معهد المعلمين للدراسات العليا.

6- د.م: حوار الفضائية العراقية، جلال الطالباني رجل القرار، من منشورات (أ.و.ك)، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، 2008.

مرۆڤایتیەکان

7- دون مؤلف: ثلاث خطب للرئيس جلال طالبانى، من منشورات مكتب الاعلام المركزى (أ.و.ك)، سليمانيه، 2006.
8- راجي يوسف محمود البياتي: العلاقات السعودية- الايرانية بعد احدث الحادي عشر من سبتمبر 2001، دار الحكمة، لندن، 2015.
9- زياد عبد الرحمن علي الكوراني: رؤية جيوستراتيجية لمستقبل الصراعات الاقليمية في منطقة تزاحم الإستراتيجيات، الطبعة الاولي، دار امجد للنشر والتوزيع، الاردن، 2017.
10-سعدون المشهداني: الإسلام السياسي من الخوارج إلى المنطقة الخضراء، الطبعة الاولي، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع، الاردن، 2009.
11-علوان حسون علوان العبوسى: حرب احتلال العراق و الادعائات و النتائج 2003-2017، دار الاكاديميون للنشر و التوزيع، الاردن، 2019.
12-علي محافظة: العرب والعالم المعاصر، دار الشروق، القاهرة، 2009.
13-محسن عبدالحميد: الكلمه الاخيره: ثلاث سنوات من العمل السياسى (2003-2005)، مكتب التفسير للطبع و النشر، أربيل، 2021.
14-محمد حسين شذر الوحيلي: العلاقات العراقية الايرانية بعد عام2003، دراسة في المتغيرين السياسي والاقتصادي، الطبعة الاولي، دار الجنان للنشر والتوزيع، الاردن، 2016.
15-محمد حسين شذر الوحيلي: العلاقات العراقية الايرانية بعد عام2003، دراسة في المتغيرين السياسي والاقتصادي، الطبعة الاولي، دار الجنان للنشر والتوزيع، الاردن، 2016.
16-محمد شێخ عثمان: الهم الوطني خطابات و بيانات (2005-2012)، من منشورات مكتب تنمية الفكر و التوعية فى (أ.و.ك)، سليمانيه، 2022.
17-محمد طالب حميد: السياسة الخارجية التركية وأثرها على الأمن العربي، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، 2016.
18-مركز دراسات الوحدة العربية، الحرب على العراق، يوميات – وثائق – تقارير 1990-2005، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2007.
19-مروان قبلان: سياسة قطر الخارجية: الاستراتيجيا في مواجهة الجغرافيا، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، 2021.
20-المستقبل العربي: العراق، مركز دراسات الوحدة العربية، 2006.
21-ممدوح بريك محمد الجازي: النفوذ الإيراني في المنطقة العربية على ضوء التحولات في السياسة الأمريكية تجاه المنطقة 2003 - 2011، الطبعة الاولي، الاكاديميون للنشر والتوزيع، 2014.
22-موشي يعلون: حرب لبنان الثانية، من الارض إلى الايديولوجية، بحث منشور ضمن كتاب، سباق إيران على الأعلوية الإقليمية، المضامين الإستراتيجية بالنسبة إلى الشرق الأوسط ، قراءات إسرائيلية، دار باحث للدراسات، بيروت، لبنان، 2009م.
23-نظام عبدالهادى سوادي: نظرة تأريخيه في الانتخابات البرلمانية العراقية (1920-2018)، من اصدارات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، بغداد، 2020.
24-هشام داوود الغنجة: العامل المذهبي و دوره في توجيه السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق، مركز الكتاب الاكاديمي، 2017.

مرۆڤایتیەکان

25-وسام ناظم الحيكاني و اكرم طالب الوشاح، مسارات السياسة الخارجية العراقية ما بين 2003–2020، دار محررو الكتب للطباعة والنشر، بغداد، العراق، 2020.

**سێیەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی :**

1- Anthony H. Cordesman, Emma R. Davies: Iraq's Insurgency and the Road to Civil Conflict, Vol.2, Bloomsbury Publishing USA, 2007
2- Christopher M. Blanchard Coordinator: Iraq, Regional Perspectives and U.S. Policy, DIANE Publishing, 2009
3- David L. Phillips, The Great Betrayal: How America Abandoned the Kurds and Lost the Middle East, Bloomsbury Publishing, 2018
4- Fred H. Lawson, Global Security Watch—Syria, Bloomsbury Publishing USA, 2013
5- Kenneth Katzman, Iran: U. S. Concerns and Policy Responses, DIANE Publishing, 2010
6- Kevin Lim, Power, Perception, and Politics in the Making of Iranian Grand Strategy, Springer Nature, 2022
7- Korean Council on Foreign Relations: Korean Observations on Foreign Relations, Vol.10, 2008
8- LeeAnne Gelletly: The Kurds, Simon and Schuster, 2014
9- Maaike Warner: Iranian Foreign Policy during Ahmadinejad: Ideology and Actions, Springer, 2013
10- Mehmet Akif Kumral: Exploring Emotions in Turkey-Iran Relations: Affective Politics of Partnership and Rivalry, Springer Nature, 2020
11- Mohammad Eslami, Alena Vysotskaya Guedes Vieira, The Arms Race in the Middle East: Contemporary Security Dynamics, Springer Nature, 2023
12- Robert W. Olson: Turkey-Iran Relations, 1979-2004: Revolution, Ideology, War, Coups and Geopolitics, Mazda Publishers, 2004
13- Sasan Fayazmanesh: Containing Iran, Obama’s Policy of “Tough Diplomacy”, Cambridge Scholars Publishing, 2013
14- Shahram Akbarzadeh, Dara Conduit: Iran in the World: President Rouhani’s Foreign Policy, Springer, 2016
15- Stephen McLoughlin, Mass Atrocities, Risk and Resilience: Rethinking Prevention, Martinus Nijhoff Publishers, 2015

مرۆڤایتیەکان

16- Thomas Juneau, Sam Razavi: Iranian Foreign Policy Since 2001: Alone in the World, Routledge, 2013

17- Zana Gulmohamad: The Making of Foreign Policy in Iraq: Political Factions and the Ruling Elite, Bloomsbury Publishing, 2021

**چوارەم: ڕۆژنامە بە زمانی کوردی:**

1- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (3226)، سێشەممە، (2003/11/18).
2- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (4359)، چوارشەممە، (2007/8/29).
3- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (4449)، یەکشەممە، (2007/12/16).
4- ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (465)، هەینی (2003/11/21)،ساڵی دەیەم، لـ1.؛
5- ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (421) (هەینی 10ی کانوونی دووەمی 2003)، ساڵی نۆیەم.
6- ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (465)، هەینی (2003/11/21)، ساڵی دەیەم.
7- ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (199)، سێشەممە (2009/11/24)
8- ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (357) سێشەممە (2012/12/25)

**پێنجەم: ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی:**

1- (جريده الاتحاد) السنة التاسعة عشرة، العدد (2725)، 26 حزيران 2011.

**شەشەم: تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان:**

1- احمد محمود ابراهيم حمدونه: السياسة الايرانية تجاه العراق في ظل الاحتلال الامريكي 2003-2010، دراسة في المتغيرات الجيوسياسية، رسالة ماجستير، كلية الآداب والعلوم السياسية، غزة فلسطين، 2012(غير منشورة).
2- عبدالرحمن عبدالكريم عبدالستار العبيدي: العلاقات العراقية الايرانية في ظل الاحتلال الامريكي للعراق 2003-2011، رسالة ماجستير، كلية الآداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط، 2011(غير منشورة).

**حەوتەم: لینکی وێب سایت ئینتەرنێت:**

1- https://iranprimer.usip.org/resource/iran-and-iraq Michael Eisenstadt ,October 5, 2010,

**هەشتەم: بەڵگەنامەکان:**

1- United States: Congress, House, Committee on Foreign Affairs, Subcommittee on Oversight and Investigations, Camp Ashraf: Iraqi Obligations and State Department Accountability, Joint Hearing Before the Subcommittee on Oversight and Investigations and the Subcommittee on the Middle East and South Asia of the Committee on Foreign Affairs, House of Representatives, One

مرۆڤایەتیەکان

Hundred Twelfth Congress, First Session, December 7, 2011, U.S. Government Printing Office, 2011

**پەراوێزەکان:**

(i) جەلال حیسامەدین نورولَلآ ، لە دایك بووی ساڵی 1933ی گوندی کەلکان لە بناری چیای کۆسرەت لەباشوری کوردستان، ناسراوە بە (مام جەلال) لە ساڵی 1946 دا پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە دەکات و دواتر دەچێتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ساڵی لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە گەڵ چەند هاوڕییەکی دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادەمەزرێنێت و دەبێتە سکرتێری ئەو حیزبە، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم لە عێراق و لە ساڵی 2005 دا وەکو یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق هەڵدەبژێردرێت و لە ساڵی 2010دا بۆ جاری دووەم بۆ سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێتەوە، لە کۆتایی ساڵی 2012 دا بە هۆی نەخۆشییەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دوور دەکەوێتەوە و لە کۆتایی ساڵی 2017 دا لە شاری بەرلین کۆچی دوایی دەکات و دەهێنرێتەوە شاری سلیمانی بە خاك دەسپێردرێت. بڕوانە \\( فەرید ئەسەسەرد : ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، 2021، ل574-584. ؛ خلیل شاخکی: الاحزاب السیاسیه الکوردیه فی سوریا 1957-2000، دار الخلیج للنشر والتوزیع، 2018، ص51. ؛ صلاح برواری: جلال طالبانی مواقف واراء، الطبعة الثانیة، من منشورات مکتب الفکر والوعی للاتحاد الوطنی الکردستانی، السلیمانیه، 2010، ص15-25.

(ii) ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق: دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1982 کە لە لایەن بەشێك لە تاراوگە عێراقییەکانەوە لە تاران دامەزرا، دواتر لە ساڵی 2003دا گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام پێشتر بنکەیان لە تاران هەبوو لایەنی سەربازییەکەی کە ڕێکخراوی بەدربوو مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا لە لایەن پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شایەنی باسە لە ماوە جەنگی عێراق و ئێران (1980-1988) شان بەشانی هێزەکانی ئێران شەڕی عێراقیان کرد، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003دا بەهەزاران میلیشیای بەدر لە ئێرانەوە هاتنەوە باشووری عێراق و بۆ ئەوە هاوکاربن لە دەستەبەرکردنی ئەو بەشەی عێراق، دواتر بەشێکی زۆریان چوونە ناو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە، بەتایبەت سوپا و پۆلیسی نیشتمانی، عەممار ئەلحەکیم لە دوای کۆچی دوای باوکی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لە ساڵی 2009دا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق دەکات دواتر لە ساڵی 2012 ڕێکخراوی بەدر لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق جیابونەوە لەوکاتەوە وەکو حزبێکی سەرب **پەراوێزەکان:**

مخۆ کاردەکەن. (بڕوانە// https://iranprimer.usip.org/resource/iran-and-iraq )

. ؛ احمد فکاك البدراني، فراس محمد الیاس: العراق المتأزم، الحصاد المر للحرب والاحتلال، تراجیدیا ضیاع الدولة، ومرکزیة الطائفة والمستقبل الصعب، دار الأکادیمیون للنشر والتوزیع، 2021، ص ص 167-170. ؛ محمد حسام الحسینی: الاحزاب و الحرکات الاسلامیه العراقیه بین المعارضة و السلطة، انکی للنشر و التوزیع، العراق، 2019، ص76-89)

(iii) حزبی دەعوە: لەکۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستدا دامەزراوە، لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرا لە کاتی کارکردنیان بە نهێنی لە عێراق لە ساڵی 2003دا، دواتر حزبی دەعوە چووە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام تواناکانی سنووردراربوو بە هۆی نەبوونی میلیشیای چەکداری، لەگەڵ ئەوەشدا نوری مالکی سەرۆکایەتی حزبی دەعوەی کرد، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هاوپەیمانی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی و ڕەوتی سەدر کرد و نوری مالکی

وەکو سەرۆك وەزیرانی عێراق هەڵبژێردرا لە ساڵی 2005دا، دواتر دەسەڵاتەکەی بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێز بۆ حزبەکەی لە حکومەت و سوپادا، دواتر لە ساڵێ 2014 دا حزبی دەعوە نوری مالکی یان گۆڕی و حەیدەر عەبادیان دانا بە سەرۆك وەزیران کە لە حزبی دەعوەبوو، لەماوەی سەرۆکایەتی وەزیران لە لایەن نوری مالکی یەوە هەوڵی دا هاوسەنگی لە نێوان پەیوەندییەکانی لە نیوان ئەمریکا و ئێران رابگرێت و داوای ئاشتەوایی کرد لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکاندا. بروانە// (https://iranprimer.usip.org/resource/iran-and-iraq

.؛ شمران عجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، دار الحكمة للطباعة والنشر والتوزيع، 2000، ص ص 192-200 .؛ محمد حسام الحسيني: الاحزاب و الحركات الاسلاميه العراقيه بين المعارضة و السلطة، ص64-75)

(iv) ڕەوتی سەدر: ڕەوتی سەدر وەك هێزێکی سەرەکی لە سیاسەت و شەقامی عێراقیدا لە ساڵی 2003دا سەری هەڵداوە و سەرکردەکەیان موقتەدا سەدرە (بەناوی بنەماڵەکەیەوە ناونراوە) وەك تاکە کوڕی کەماوەتەوە لە ژیاندا لە پاش ئایەتوڵڵا محەممەد صادق ئەلسەدر کە لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە ساڵی 1999دا کوژراوە، موقتەدا سەدر رۆڵی گەورە وفراوانی بینی لە سیاسەتی عێراقیدا، ووتارە پۆپۆلیستییەکانی لە دژی ئەمریکا و ئەو هێزو پاڵپشتیەی کە سوپای مەهدی پێشکەشی کرد، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ لیواکانی ئاشی بووە هۆی ئەوەی کە لە لایەن هەموو ناوچە هەژار نیشینەکانی شیعەکانەوە پشتگیری بەدەستبهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و ڕێکخراوی بەدر و حزبی دەعوەدا بەست، بەڵام سەدرییەکان پەیوەندییەکی مشتومری بەردەوامیان هەبوو لەگەڵ ئەو حزبە سیاسیانەدا، دواتر لە ساڵی 2007دا موقتەدا سەدر ڕای کرد بۆ ئێران لە خۆپاراستن لەوەی نەکرێتە ئامانج لە لایەن ئەمریکییەکانەوە و تەواوکردنی خویندنەکەی، دواتر لە ساڵی 2011 دا گەڕایەوە بۆ عێراق و ڕۆڵی گرنگی بینی لە سیاسەتی حکومەتی عێراقدا. بروانە// (https://iranprimer.usip.org/resource/iran-and-iraq

. ؛ سالم حميد، موسوعة إيران والتشيع السياسي، المجلد الاول، مركز المزماة للدراسات والبحوث، 2018، ص 161. )

(v) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ململانییەکان، بڕوانە// (يوسف محسن: موسوعة الحرب الاهلية الطائفية فى العراق، ميليشيات شيعية، سنية و سلفيون جهاديون و قوميون نزاع الايديولوجيات الشوفينية المسلحة منذ الاحتلال الامريكي سنة 2003 حتى 2017، المجلد (2)، الدار العربية للموسوعات، بيروت-لبنان، 2020، ص187-190).


(vi) بۆبینینی بەڵگەنامەکە بروانە پاشکۆی ژمارە (1)

(vii) بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە لیستەکان. بڕوانە// ( ئارام جەمال: دەنگ و سەنگی پێکهاتەکانی کەرکوك لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا 2005-2023، بێ شوێن، 2024، ل16)

(viii) بروانە// (يوسف محسن: موسوعة الحرب الاهلية الطائفية، مجلد(2)، ص230؛ ئەورێککەوتننامەیە لە 17ی تشرینی دووەمی 2008دا لە نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا واژووکرا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی 2011دا، ئەوەش ئێرانی نیگەران کردبوو لەوکاتەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// (مهدى نورالدين: الحصار المتبادل، العلاقات الايرانية الامريكية بعد احتلال العراق، بيروت، 2012، ص108).

**پاشکۆی ژمارە (1 )**

کۆنگرەی (111) هەمین ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە( 25 ی ئازار 2009دا) تایبەت بە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا و ئێران (1)



VERSITY OF CALIFORNIA, SAN DIEGO
1822 03627 7069
SSHL US Docs, Geisel Floor2 Y 4 .F76/2:S .HRG. 111-929

S. Hrg. 111–929

# NOMINATION

## HEARING

BEFORE THE

TTEE ON FOREIGN RELATIONS
UNITED STATES SENATE

ONE HUNDRED ELEVENTH CONGRESS

FIRST SESSION

MARCH 25, 2009

Printed for the use of the Committee on Foreign Relations

Available via the World Wide Web:
http://www.fdsys.gpo.gov

US DEPOSITORY ITEM
RECEIVED
MAY 10 2011
US DOCS
GEISEL LIBRARY
UCSD

U.S. GOVERNMENT PRINTING OFFICE
65–248 PDF WASHINGTON : 2011

For sale by the Superintendent of Documents, U.S. Government Printing Office
Internet: bookstore.gpo.gov Phone: toll free (866) 512–1800; DC area (202) 512–1800
Fax: (202) 512–2104 Mail: Stop IDCC, Washington, DC 20402–0001

67

viding significant military and intelligence assistance to help Turkey fight the PKK. This assistance and an increase in dialogue between Turkey, Iraq, and the Kurdistan Regional Government led to significant progress and a fundamental shift in their relationships in 2008. Leaders on all sides made new commitments to dialogue at all levels, starting with Iraqi President Jalal Talabani's March 2008 visit to Ankara, an important opening just weeks after Turkey's February 2008 ground offensive against PKK forces in northern Iraq. In April of that year, Turkey's National Security Council voted to start engagement with all parties in Iraq, opening the way for direct Turkish contact with KRG leadership. Turkish Prime Minister Erdogan visited Baghdad in July 2008; he and Iraqi leaders agreed to start a strategic dialogue on all bilateral issues, including energy and trade. Recently, President Talabani made public statements calling for PKK to lay down their arms or leave the territory. These various exchanges culminated with President Gul's March 23-25, 2009 visit to Iraq, the first visit by a Turkish President in 33 years. In November 2008, senior representatives of the governments of Iraq, Turkey, and the United States met in Baghdad to renew trilateral arrangements to share information and develop strategies for countering the PKK. We are hopeful that this frequent contact will continue to lead to concrete results, for example, in increased cooperation on countering the PKK and expanded economic ties.

*Question.* What assurances can you and the Department of State give the Committee and my colleague Senator Voinovich that the Melanson child abduction case will continue to receive urgent attention by principals in the Department at the highest levels?

Answer. One of the highest priorities of the Department is safeguarding the welfare of U.S. citizen children. Parental child abduction is a tragedy that has long-term consequences for both the child and the left-behind parent. Both federal and most states' criminal laws make international parental child abduction a crime in the United States. When a child is abducted across international borders, however, the case is complicated by the need to operate within the national laws of the country of destination. That country may not be party to international agreements covering parental child abduction. Such is the situation in South Korea.

U.S. Ambassador to the Republic of Korea Kathleen Stephens and I have engaged personally to ensure that Mr. Melanson's case is and will remain a high priority for the Department of State. As I have mentioned to Senator Voinovich previously, the Department has engaged at high levels with the Korean Government on behalf of Mr. Melanson and we will continue to do so. Our Embassy in Seoul will also continue to follow this case closely and provide Senator Voinovich with frequent and regular updates.

*Question.* Moreover, what steps will the Department take to ensure that this case be included in State's talking points during each and every bilateral meeting with the Republic of Korea-from desk officers all the way up to Secretary Clinton?

Answer. State Department officials—at all levels—understand the significance of this case and will continue to raise it vigorously and consistently in all settings that can contribute to the resolu-

(1) United States. Congress. Senate. Committee on Foreign Relations, Nomination: Hearing Before the Committee on Foreign Relations, United States Senate, One Hundred Eleventh Congress, First Session, March 25, 2009, U.S. Government Printing Office, 2011, O. 67.

مرۆڤایەتیەکان

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (النشاط الدبلوماسي لجلال حسام الدين طالباني مع الدول الإقليمية العراقية خلال الفترة 2003-2013، إيران نموذجاً) يتناول الدور والنشاط المؤثر لجلال حسام الدين طالباني في إعادة بناء وتعزيز علاقات العراق مع الدول الإقليمية، وخاصة إيران. ففي أعقاب غزو العراق عام 2003 من قبل الولايات المتحدة وحلفائها، احتاج العراق بشكل عاجل إلى إقامة علاقات دبلوماسية مع الدول المجاورة بعد سنوات من عدم الاستقرار السياسي الداخلي. وقد أدرك جلال طالباني أهمية تعزيز هذه العلاقات، وخاصة مع الدول الإقليمية البارزة مثل إيران. وبدءًا من عام 2003، عمل طالباني بنشاط على تطوير العلاقات مع إيران والحفاظ عليها، واستمر في ذلك حتى مرضه في نهاية عام 2012. وكان لجهوده تأثير إيجابي دائم على العلاقات الثنائية بين العراق وإيران، حتى بعد رحيله عن الساحة السياسية.

**الكلمات المفتاحية:(جلال طالباني، الدبلوماسية، العراق، إيران، الدول الإقليمية)**

**Summary**

**The research titled (Diplomatic Activities of Jalal Hesamuddin Talabani with the Iraqi Regional Countries during 2003-2013, Iran as an example) explores the influential role and activities of Jalal Hesamuddin Talabani in rebuilding and strengthening Iraq's relations with regional countries, particularly Iran. Following the 2003 invasion of Iraq by the United States and its allies, Iraq urgently needed to establish diplomatic relations with neighboring countries after years of domestic political instability. Jalal Talabani recognized the importance of fostering these relationships, especially with prominent regional countries like Iran. Beginning in 2003, Talabani actively developed and maintained relations with Iran, continuing to do so until he fell ill at the end of 2012. His efforts had a lasting positive impact on the bilateral relations between Iraq and Iran, even after his departure from the political arena.**

**Keywords:(Jalal Talabani, Diplomacy, Iraq, Iran, Regional States)**